سەماحەتی حکیم پەشوازی لە پارێزگاری واسیت کرد و گوێبیستی پرۆژەکانی شارەکە بوو



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز دکتۆر محەمەد جەمیل مەیاحی پارێزگاری واسیت و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکە، لەم دیدارە بەڕێزیان گوێبیستی دیدی ئەوان و پرۆژەکانیان لە پارێزگاکە بوو، دووپاتیشی کردەوە کە کاری مەیدانی پێوستە بە کاملبوونی کارەکان لە نەوان پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگا و وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندی.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر یەکلایی کردنەوەی پرۆژە ستارتیژییەکان لەوانەی بەڕێزیەکی زۆر ئەنجام دراون، دووپاتیشی کردەوە کە دەبێت پێوەندییان لەگەڵ خاوەن بەهرەکانی زانستی هەبێت بە ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاولاتیان بکرێت.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە گرنگە تواناکانی پارێزگاکە لە ڕووکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزە بقۆزنەوە، گوتیشی واسیت جگە لەوانە بنەمای گەشتیاریشی تێدا بەدی دەکرێت، تەنها کەمك پێوستی بە بایەخ پێدان هەیە تا ئەو کارتێش بە باشی سوودی لێوەرگیرێت.